کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
22-8-2007 23:44بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## جەنگی ناوخۆی ئەلکترۆنی ... هیدایەت ئیبراهیم:

سەدەی 21 چەرخی پێشکەوتنی زانست و تەکنەلۆژیایە، بۆ برەو دان بەبوارەکانی مرۆڤ و خزمەتکردن



بە پێشکەوتنی کۆمەڵگاو خۆشگوزەرانی، ئەلبەتە پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا چەندە بەرهەمی بۆ خزمەتی مرۆڤیاتی هێناوە لەبەرامبەردا ئەوەندەش بەرهەمی بەرهەم هێناوە بۆ دژایەتی مرۆڤ، بۆنمونە لەبەرامبەر فرۆکەی نەفەرهەڵگر، فرۆکەی جەنگی هەیە، لەبەرامبەر کەشتی گەشتیاری، کەشتی جەنگی هەیە، لەبەرامبەر شیوازی نوێی ووزەی کارەبا، چەکی ئەتۆمی هەیە، واتە لەبەرامبەر هەر شتێك کە خزمەت بە ژیانی مرۆڤایەتی دەکات، ئەوەندەش لەبەرامبەرییدا هەیە کە هەرەشە لەژیانی مرۆڤ بکا، ئێمە هیچ بەشدارنین و نەبووین لەبەرهەمهێنانی زانستی تەکنەلۆژیاو ئەو بوارە زانستیانەی کە ئێستا خزمەت بە پێشکەوتنی بوارەکانی مرۆڤایەتی دەکات، واتە ئێمە تەنها مومارەسەی ئەو شتانەدەکەین کە بەرهەم هاتوون. زۆر جاریش ئێمە بە شێوەیەك لەشێوەکان بە خراپ مومارەسەی ئەو شتانەمانکردووەو لەکۆتاییدا بووەتە مایەی زیان کەوتن لە خۆمان و کۆمەلگاکەمان و دۆزی میللەتەکەشمان، زۆرجاریش مۆهیبەو بەهرەی مرۆڤەکانمان خستۆتە خزمەت شتێکەوە کە زیانی پێگەیاندووین، وەك ئەوەی کە سەردەمی بەعس قەڵەمەکانمان خستبووە خزمەت ئایدۆلۆژیایەکەوە کە هەردەم ئێمەی پێ لەناو دەچوو، یان خستبوومانە خزمەت جەنگی ناوخۆی حیزبە کوردستانیەکان، بەتایبەت شەری نەوەدەکانی سەدەی رابردووی پارتیو یەکێتی، کە قەڵەم بەدەستەکان هێندەی سەرکردە سەربازیەکان رۆلیان دەبینی لەو شەرە نەگریسەدا، هەمان ئەو شەرەی کە سەربازەکان لە کەبکی ئەحمەد ئاغاو کلاو قاسم ئەیانکرد' قەڵەمبەدەستەکانیش لە شەعب و مەچکۆ دەیانکرد، هەمووومان بەشێوەیەك لەشێوەکان بەشداربووین لەوشەرە نەخوازراوەدا، ئیستا سیاسیەکان پێی دەڵێن شەڕی نەخوازراو، بەلام خەریکە شەرێکی تری نهێنی کە زۆرجار ئەو شەرە لە قۆناغی شەری ناوخۆشدا بەرامبەر یەکتری نەیانکردووە یەخەمان ئەگرێت، ئەگەر ئێمە ویناى ئەم شەرە کە ناوی دەنێین شەڕی ئەلکترۆنی بکەین و بیکەینە واقیعێکی سیاسی و کۆمەلایەتی نەك تەنها خەلك بێزار دەبێت بگرە خەلك ئەکەوێتە سەر شەقامەکان و دژی ئەم دوو حیزبە دەجەنگن، ئایا ئێمە بۆ سوودمان لەو ئەزموونە تاڵە وەرنەگرت، ئایا بۆ پێمان وابێت سرینەوەی ئەوی تر مانای تۆخبونەوەو بەهێز بوونی خۆمان دەبێت، ئایا پارتی و یەکێتی بەراستی ئەیانەوێت رێك بکەون لەسەر ئەوەی کە پێکەوە کاربکەن و یەك گوتاری نەتەوەییان هەبێت، یان رێککەوتوون بۆ ئەوەی رێك نەکەون و جیاو دژ بەیەك بن، ئایا کێ لەپشت ئەو ناو زراندن و شەرە ناشەریفانەی ناو سایتەکانەوەیە، ئایا خەڵکی ناو بازاڕو دەستفرۆش و بازرگانەکان ئەم شەرە ئەکەن یان حیزبە زلهێزەکەی کوردستان بۆ شکاندنی یەکتری ئەم شەرە ئەکەن، یان ئایا ئەو قەڵەمانە کە ئەو شەرانە ئەکەن هەمان ئەو قەڵەمانە نین کە بەناوی خۆیانەوە لە رۆژنامەو گۆڤارەکان باس لەئاشتی و تەبایی نێوان ئەو حیزبانە ئەکەن و لافی یەکگرتوویی و ئاشتی لێئەدەن، بەلام بەناوی خوازراوەوە لەسایتەکاندا تەشهیر بەناوی سەرکردەو بەرپرسەکانەوە دەکەن بەئامانجی لێکترازانی تەبایی نێوانیان، . یان تمویلی ئەو سایتانە کێ دەیکات، بەتایبەت ئەوانەی کە رۆڵی نێگەتیڤ ئەبینین لە بزوتنەوەی رۆژنامەگەری و سیاسی کوردیدا، ئایا سایتی (رۆشنایی) و (جیهان سات) و (نیشتیمان نێت) و (هەواڵنێر) و چەندین سایتی تر کە زۆر

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

راشکاوو هەندی جاریش قێزەونانە بەردەبنە جەستەی یەکێتی و پارتی و وای لێهاتووە خەریکە زمانی پاراوی رۆژنامەگەری لە ناو ئەو سایتانەدالەناو ئەچێت و خەریکە لەجێگەی زمانی پیس و زبر لەدایك ئەبێت، پێویستە هەموو لایەك وەك دیاردەیەکی سلبی ناو رۆژنامەگەری کوردی و وەك گەندەڵی ئەلکترۆنی بەرنگاری ببینەوە، بۆ ئەوەی لانی کەم زیان بە کولتوری قسەکردن و تەعبیرکردن نەگات و حیزبە زلهێزەکەی کوردستان ئەو رێگەیەش بۆ ململانێی خۆیان بەکار نەهێنن.

Hidaiat79@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.